گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd
*Vol. 13, No. 2, pp. 311–322, April-June.-2025.*

# ڕەنگدانەوەی هێزی دەسەڵاتی داریوشی یەکەم(522_ 486 پ.ز) لە دروستکردنی کۆشکی ئاپادانای شوش

کلثومە جمیل عبدالواحد *

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان-عیراق. (kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd)

تاريخ الاستلام: 2025/02 تاريخ القبول: 2025/06 تاريخ النشر: 2025/06 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2025.13.2.1580*

**پوختە:**

کۆشکی ئاپادان(کۆشکی دیدار) ئەو کۆشکەیە کە بە فەرمانی داریوشی یەکەمی هاخامەنشی لە شاری شوشی پایتەختی ئیلام، لە ساڵی 521 پ.ز بونیادنراوە، شا داریوش جیاواز لە شاکانی تر خاوەنی زۆرترین نووسین بووە، ئەویش بۆ مەبەستی کاریگەری و خۆسەپاندن بووە، دیارە شێوازی وەرگرتنی دەسەڵات و حوکمڕانی بە شێوەی کودەتا بووە، هەروەها دروستکردنی ئەم کۆشکە لە چەند روویەکەوە گرنگە، لەوانە نیشاندانی هێز و دەسەڵاتی شا، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانی بەسەر هەڵگەڕاوەکان زاڵ بێت، سنووری دەسەڵاتیی فراوان بکات، کە هەرێم و نەتەوەی جیاوازی دەگرتەخۆ، بە تایبەتی هەرێمەکانی ڕۆژئاوا، خاوەنی سامان و شارستانێتی دیاربوون، بەژداری کردنی نەتەوە جیاوازەکان، لە بەرزی هونەری تەلارسازی هەخامەنشی بەدەردەکەوێ، کە بە هاوکاری دەستی پیشەگەران و هونەرمەندانی دەوروبەر بووە، بە تایبەتی کاریگەری هونەری تەلارسازی میدی، لە پاشماوە نووسینەکەی شا داریوش ئاماژە بە گەلان و نەتەوە جیاوازەکان دەکات، لەم نیگایەوە ڕەوشی پێشکەوتنی هونەری هەخامەنشی و هێزی دەسەڵاتی دایوشی یەکەم دەردەخات.

**کلیلە وشە:** داریوشی یەکەم، ئەپادانا، کۆشکی دیدار، شوش، ساتراپ.

## پێشەکی

دەوڵەتی هاخامەنشی زیاتر لە دوو سەدە حوکمڕانی ئێران و ڕۆژهەڵاتیان کردووە، کە لە نێوان ساڵانی 550 _ 331 پ.زبووە، لەم ماوەیەدا سێزدە شا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، هەریەکەیان بە گوێرەی لێهاتوویی و توانای خۆی بەژداربوونە لە دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتەکە، یەکێ لەوانە (داریوشی یەکەم)ە کە لە ماوەی 522- 486 پ.ز، حوکمڕانی کردووە، ڕۆڵ و پێگەی دیاری لە مێژووی هاخەمەنشییدا هەبووە، هەرچەندە ئەو کاتەی ئەو دەسەڵاتی وەرگرت، دەوڵەتی هەخامەنشی لە ڕەوشێکی ناسەقامگیری دابووە، بەوەی زۆربەی هەرێمەکان دەستیان بە ڕاپەڕین و دژایەتی کردبوو، بەزەبری هێز توانی بەسەر نەیار و هەڵگەڕاوەکاندا زاڵ بێت و سەرکووتیان بکات، حاکم و دەسەڵاتدارەکانی ئەوکات بخاتە ژێر چاودێری و هەژموونی خۆی، ناچاری کردن بە پێدانی باج و سەرانە و خزمەت کردنی ئابووری دەوڵەت، هەروەها کۆمەڵێ چاکسازی ئەنجامدا، وەکو دابەشکردنی ئیمپراتورەکەی بۆ چەند یەکەیەکی کارگێری و دانانی شارەوانی تایبەت، کە ناسرابوون بە هەرێم، یان (ساتراب)[i]، هەروەها سیستەمی پۆستە و گەیاندن و یاسا و سیستەمی دادوەری و هەڵکەندنی کەناڵ(باقر واخرون، 1979: 57)، لە لایەکی تر بەکارهێنانی ئایین و هونەر وەکو ئامراز بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، وێرایی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە دروستکردنی کۆشکی شاهانەیی، لەم توێژینەوەیدا ئاماژە بە هێز و دەسەڵاتی شای نابراوە لە بونیادنانی کۆشکی ئەپادانا لە ژێر ڕۆشنایی دەقەکانی DSf، دەکرێ، هەوڵدراوە بە لێکدانەوە و پشت بەستن بەسەرچاوەی جیاواز بابەتەکە بخرێتەروو، ئەم توێژینەوەیە لەدوو تەوەر و چەندین سەرباس پێکهاتووە، تەوەری یەکەم سێ سەرباس لە خۆ دەگرێ ئەوانیش ڕۆڵ و پێگەی دارییوشی یەکەم لە دەوڵەتی هەخامەنشیدا و نووسین و کاریگەری لەسەر دەسەڵات خراوەتەروو، هەروەها ئاماژە بە هۆکاری دروستکردنی شار و پایتەخت کراوە، لە تەوەری دووەمدا کۆشکی ئەپادانای شوش لەژێر ڕۆشنای دەقەکانیDSf خراوەتەڕوو، ئەویش لە چەندین سەرباس پێکهاتووە وەکو مێژوو و پێگەی شاری شوش، کۆشی ئەپادانا و ڕەنگدانەوەی هونەری نەتەوەکان، دەقەکەی داریوش لە کۆشکی ئەپادانا، ڕۆڵی ساترابەکانی ڕۆژهەڵات لە بەدەستهێنانی دەستی کار و بەرهەمهێنانی کەرستەی بیناسازی.

### تەوەری یەکەم

### 1:1.ڕۆڵ و پێگەی دارییووشی یەکەم لە دەوڵەتی هەخامەنشیدا

لە مێژوودا زۆر کەسایەتی هەنە[ii]، کە لە ڕێگەی نادروستەوە دەگەنە دەسەڵات، بەوەی جێنشین، یاخود سەر بە بنەماڵەی ڕاستەوخۆی شاهانەیی نەبوونە[iii]، بە مەبەستی شەرعیەتدان بە دەسەڵاتەکەی تاوەکو لەسەر ئاستی تاك و چینی باڵا پەسند بکرێن و بەرهەڵستی نەکرێن، چەندین ڕێگە دەگرنەبەر بۆ ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵگا، تاوەکو بکەونە ژێر کاریگەر و

---

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

هەژمونیی، بۆ خۆسەپاندن و بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتیان، هەروەکو روونە داریوشی یەکەم، چوارەمین پاشای دەوڵەتی هەخامەنشی( 550- 331 پ.ز)[iv]ە، بەوەی ڕاستەوخۆ سەر بنەماڵەی دەسەڵاتدار نەبووە، بەڵکو لە لقی دووەمی بنەماڵەی ناوبراو بووە(رو، 1963: 545)، کە بە چوارپشت دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی هەخامەنشی، داریوش زاوای (کۆرشی دووەم، 550- 539 پ.ز) لەڕێگەی هاوسەرگیری ئاتوسای کچی کۆرش هاوسەرگیری کردبوو، کە دایکی شا (خەشایارشا)[v] بوو، باوکی ناوی (ڤشتاسپ) میر ساتراب بووە لە بەشی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی پارثیا[vi](Rawlinson,1846: 196)، لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی، لە بەردە نووسراوەکانی و نووسینەکانی هیرۆدۆتس بە دوورو درێژی ئاماژەی بۆ کراوە، وەکو دەوترێ لە ڕێگەی کودەتا لە دژی گیئوماتای میدی[vii](522 - 521 پ.ز) بووە، بەهاوکاری لە گەڵ شەش ئەندامانی خانەدانان، کە هاوپەیمانی بوونە لە کوشتنی گیئوماتا میدی(sharb& Cantab,76 ؛ هیرۆدۆت، 2010: 194).

ڕاپەڕینەکان زۆربەی هەرێمەکانی گرتبۆوە وەکو ڕاپەڕینەکانی( ئەرمینیا و میسر و میدیا)، بەڵام ئەو لە ماوەی ساڵێدا شازدە ڕاپەڕینی سەرکوتکرد، کە زانیاری و وێنەکانی لە چیای بێستوون نەخشاندووە(وێنەی،1)، بێگومان چەندین هۆکار لەپشت شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا هەبوونە، وەکو نارەزایی و ویستی سەربەخۆیی و جیابوونەوە و ڕزگاربوون لە ژێردەشتی هەخامەنشیەکان، دژ بە باڵادەستیی پارسییەکان، دەکرێ لە فاکتەرە سەرەکیەکان بووبێت، وێرای هۆکاری ئابووری و باجە قورسەکان وسەربازی زۆرەملێ لە سوپای پارسدا و چەوساندنەوەی ڕادەبەر(عەلی ێیف، 2016: 515)، هەروەها گەلانی ناوچەکان بە تایبەتی میدییەکان شانازیان بە ڕابردووی خۆیان دەکرد، کە دەیانویست دەسەڵاتی سیاسی وەربگرنەوە، بۆیە داریوش زۆر بە توندی سزای ئەوانە دەدات کە لە دژی ڕاپەڕیوون(خزاعی وحسینی، 1401: 93 )، هەروەکو لە وێنە بەرجستەکراوەکەی بێستون دیارە، داریوش کە پێی لەسەر جەستەی گیئوماتای میدیی داناوە و نۆ لە سەرکردە و پێشەوایانی شۆڕشەکان[viii]، بە بەستراوی لە پێشی ڕیزکراوون، لە لای سەرەوەی وێنە هەڵکەنراوەکان ناوی سەرکردەکان نووسراوە، وێرای ناوی هەرێمەکانیان، کە هەر یەکێك لە کەسایەتیەکان جل وبەرگی نەریتییان لەبەردایە( پاشکۆی:1)، لە گەڵ ئەوەشدا نەخشی بێستون بە یەکێ لەسەرچاوە گرنگەکانی سەردەمی هەخامەنشییان دادەنری، کە دەکەوێتە شاری کرمانشای ڕۆژئاوای ئێران، بۆ زانینی لایەنی شارستانێتی مێژوویی کۆنی ئێران، هەروەها دەروازەیەك بووە بۆ شیکردنەوەی نووسینی مێخی[ix] (باقر واخرون، 1979: 56).

### 1:2. نووسین و کاریگەری لەسەر دەسەڵات

نووسین و پاشماوە شوێنەوارییەکان سەرچاوەیەکی گرینگی زانیارین بۆ توێژەرانی مێژوو وشوێنەوار، بە تایبەتی نەخش و بەردە نووسراوەکان، بەڵام نووسراوەکان گرنگترینن، بەوەی نیگایەکە، کە لێوە دەتوانرێ وێنای ژیانی ڕابردوو بکرێ، وەکو پاشماوە نووسراوە شوێنەوارییەکانی هەخامەنشیی، کە پانتاییەکی زۆری مێژووی کۆنی ئێران داگیردەکەن و زانیاری زۆریان تێدایە، بە نووسینی مێخی تۆمارکراوون ژمارەیان زۆرە، بە تایبەتی پاشماوە داریوشی یەکەم، کە خاوەنی زۆرترین پاشماوەی بەردەنووسینەکانە، هەر پاشماوە نووسراوەکەی نەخشی بێستون بووبە هۆکاری شیکردنەوەی نووسینی مێخی، کە دەروازەیەك بوو بۆ دەرخستنی شارستانێتی شاراوەی وڵاتی دوو ڕووبار هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پاشماوە نووسراوەکانی داریوش لە چەندین شوێنی جیاواز دۆزراوەتەوە، بە کورتکراوەیی ئاماژەیان بۆ کراوە ئەوانیش لە پارس (DPa)، زۆرترینینان لە شوشن بە شێوەی (DSe) (DSf) (DSj) (DSs) ناویان هاتووە، لە نەخشی ڕۆستەم دووانن بە (DNa) و (DNb) لە میسر لە سوێس(DZc[x])، ئەوەی تێبینی دەکرێ لە کاتی لێکۆڵێنەوە لە نووسراوەکانی داریوشی یەکەمدا، داریوش وەك مێژوونووسێك دەردەکەوێت، بەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی سەردەمی خۆی تۆمارکردووە، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراوی مێژووی هەخامەنشی دادەنری، کە ڕۆشنایی دەخاتەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو سەردەمە(مقامی،1389: 92 )، لەوە دەچێ داریوش لەو ڕێگایەوە ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکان و دانشتوانەکەیدا بچەسپێنێت و خۆی وەك پاڵەوان دەربخات و بە هەمووان بڵێت کە کەس بۆی نییە لە دژی من بووەستێت، بە واتایەکی تر بەکارهێنانی بەردەنووسراو و هەڵکۆڵێنەکانی وەکو ئامرازێك وا بووە بۆ ڕاگەیاندن وبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، گومانی تێدا نییە ئەمە زیاتر بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی بووە، هەروەکو توێژەرێك ئاماژە بەچۆنیەتی خۆچەسپاندنی فەرمانڕەواکان دەکات، بەوەی دەسەڵاتدارەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری(Impact) لە سەر گەل و ڕەوتی ڕووداوەکان پەنا بۆ چەندین ئامراز دەبەن وەك ڕازیکردنی و ناچارکردن، هەروەها ئەوەش دەخاتەروو، کە سەرچاوەی دەسەڵات زانست و ڕۆشنبیری و هونەرە ( خضر، 2016: 1136)، کە دیارە ئەم ڕەهەندانە کاریگەری دروستدەکەن، تاوەکو پەسندی بکەن وبە شایانی دەسەڵاتی دابنێن، داریوشی یەکەم جێنشینی شەرعی نەبوو، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەوەی لە نەوەی ئەریارامن بووە(السعدی، 1995: 260)، کە ئەوان لە بەرەبابی هەخامەنش بوونە، بەڵام دەسەڵاتی شاهانە لەو لقەی بنەماڵەیە نەبووە، بە واتای جێنشین و دیاریکراو نەبووە تاوەکو ببێتە شای داهاتوو، بۆیە ئەوەندە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەوان لە نەوەی هەخامەنشیانن، لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکان ئەوە دەردەکەوێ، داریوش تەنها خۆی بە ڕاست دەزانی و نەیار و دوژمنەکانی گشتیان بەدرۆزن دادەنێ، بە واتایەکی تر گشت ڕکابەرەکانی درۆیان کردووە، بۆیە ئەمە گومان لە متمانە دروست دەکات، تاوەکو ئەوەی توێژەران شیمانەی ئەوە بکەن، کە قسەکانی جێگای باوەڕ نەبن، دیارە بۆئەوەی باوەڕی پێ بکەن، لە نووسینەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نەفرەتی ئاهۆرامەزدا لەوانە بێت کە باوەڕی پێ ناکەن ( باقر واخرون، 1979: 56؛ عەلی ئێف، 2015: 490).

لە لایەکی تر بەکارهێنانی هێزی خوداوەند، یان دەسەڵاتی ئایینی( Religious Authority )وەکو پاڵپشت بۆ دەسەڵاتی شاهانە، کە ئەمە بابەتێکی بەربڵاوبووە لە لایەن قەراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی لە وڵاتی دوو ڕووبار[xi]، بەڵام ئەوەی هەخامەنشیەکانی جۆرێکی دەگەمەنە، چونکە داریوش لە نووسینەکانیدا زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوداوەند(ئەهۆرامەزدا) ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی شاهانەیی بە ئەو بەخشیووە،(Howe & muller,stonemam,2017:

27)، هەروەکو روونە بەکارهێنانی ئایین وەکو ئامرازێکی بەهێز بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی سیاسی، ئەمە تایبەتمەندی ئەو شایە بووە، چونکە لە پێش سەردەمی داریوش ئایین پەیوەست نەبووە بە رەهەندەکانی حوکمڕانیەوە، ناتوانرێ بە رەهایی ئاماژە بە ئاییێنێکی دیاریکراو بکرێ، بەڵام بەهۆی ناوبردنی خوداوەند ئەهۆرامەزدا[xii]، خوێندنەوەی هەبوونی ئایینی زەردەشتی لێ دەکرێ، لە بەردنووسینەکانیدا هەموو کات ئاماژە بە توانا و هێزی ئەهۆرامەزدا دەکات، کە پشتیوان و یارمەتیدەری بووە بۆ گەیشتن بە پلەی شاهانەیی، وەکو لە نووسینی چوارەمی داریوش لە پەرسیپۆلیس DPe لە بەندی 5-1 دا هاتووە:

**(ئاهۆرامەزدای مەزن، گەورەترینی خوداوەندەکان، داریوش شای ئافراندووە( خەڵق کردووە) ئەم مەملەکەتەی پێ بەخشیووە، هەر بە لوتفی ئەو داریوش شایە).**

بەهەمان شێوە سەرکەوتنی و باڵادەستی بەسەر شارەکانی تر بە پشتیوانی ئەهۆرامەزدا دەزانێت، وەکو لە دەقێکی تر ئاماژەی بەمە کردووە:

**(لە سایەی ئەهۆرامەزداوە**

**من توانیومە لە دەرەوەی پارس**

**ئەم ناوچەو هەرێمانە بگرم و بەسەریاندا زاڵ بم و**

**ئەمانە هەموویان باجم بۆ دەنێرن و هەرچی داوایان لێ بکەم**

**گوێی بۆ شل دەکەن ودەیکەن و بڕیارەکانم ڕێزیان لێ دەگیرێ؛)( Inscription Behistan: 29-30).**

دیارە ئەو ڕەفتارەی داریوش زیاتر بۆ بە هێزیکردنی دەسەڵاتەکەی بووە، هەمیشە شا و دەسەڵاتی خۆسەپێنەر وستەمکار هەوڵدەدات باڵادەستی بەسەر تاکەکانی گەلەکەیدا بەدەستبهێنێت، خۆی لە کۆمەڵگا جیابکاتەوە(لاسکی، 2012: 17)، لەو ماوەیەی داریوش دەسەڵاتی گرتەدەست، دووبارە بەرگی ژیانەوەی بە دەوڵەتدا کردووە، کە لەم ماوەیەدا دووچاری چەندین هەڵگەڕاوە و دژایەتی ببوو(عبدالقادر، 2024: 160؛ ایمان پور و علی زاده، 1393: 13). هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بە واتایەکی تر دەوڵەت لە کەناری دارِمان ولەناوچوون بوو، داریوش بنەغایەکی نوێی بۆ دەوڵەت دانا، کە بوو بە بنەما و سیمای تایبەت بە دەوڵەتی هەخامەنشی.

### 1:3. دروستکردنی شار و پایتەخت

هەخامەنشیەکان چەندین پایتەخت، یان ناوەندی دەسەڵاتیان هەبووە، کە گوزارشتی لە پێشاندانی هێز و شکۆی دەسەڵاتیان دەکرد، دیارە هەڵبژاردنی شوێن کاریگەری لەسەر دروستکردنی ناوەندەکان هەبووە، دەتواندرێ چەندین فاکتەر دیاریبکرێ، وەك هەڵکەوتەی جوگرافیی و گونجاوی شوێنەکە، بارودۆخیی سیاسی و ئیداری وئابووری، هەروەها پێشینەی مێژوویی و شارستانی(احمدی زاویە و ایمانپور، 1393: 86)، وا باوبووە سەرکردە بەناوبانگەکان شاری مەزن و بەرفراوانیان دروستدەکرد، کە گوزارشتی لە شکۆ و باڵا دەستیی و پێگەیان بکات، بەواتایەکی تر دەسەڵات و شکۆی شا لە پایتەخت و کۆشك دەبینرا، بەوەی هەندێکیان مەڵبەندی حکومەت بوونە، دام ودەزگای بەڕێوبەرەدنی تێدابووە، هەندێکیکان تەنها یادەوەری تایبەت و شوێنی حەوانەوە و بارەگای شاکان بووە(بریان، 1382 :387).

شاکانی هەخامەنشی لە سەرەتادا بەشێوەیەك ڕەوشی ژیانیان سادە بووە، کە تەنها لە خانووەیەکی سادە دەژیان، بەڵام ئەم هەڵومەرجە نوێیە لە هەبوونی دەسەڵات و سامان، گۆڕانکاری دروستکرد، دامەزرێنەری دەوڵەت (کۆرشی دووەم، 558-530 پ.ز)[xiii]، پاش هەڵمەتە فراوانخوازییەکان و دیتنی شار و پایتەخت، وەکو ناوەندە شارستانیەتییەکانی ئاشوور و بابل و لیدیا، هاندەربوو تاوەکو ئەوانیش کۆشك و شاری مەزن دروستبکەن و لاسایی ئەوان بکەنەوە، لە لایەکی تر ئەو شار و دەڤەرانەی، کە کۆنترلیان کردبوون، دەوڵەمەند بوون بە هەبوونی کەرستەی زۆری بیناسازی هەروەکو Burgan نووسەری پەرتووکیGreat Empires of Ancient Persia ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو خاکانەی هەخامەنشییەکان کۆنترۆڵیانکردبوو، سامانێکی زۆریان بۆ دابین دەکرد، کە بۆ بیناسازی و هونەر بەکاریانهێنا( 2012: 8).

کۆرشی دووەم لەو ماوەیەی کە پاشکۆی دەوڵەتی میدی بوون، حاکمی شاری ئەنشان بووە، دوای ئەوەی دەستیان بەسەر دەوڵەتی میدیا داگرت لە ساڵی 550 پ.ز، (هگمتان، Hagmatana)، کە پایتەختی میدییەکان بووە[xiv]، کردوویانە بە یەکێ لە پایتەختە شکۆدارەکان، پێگەی خۆی لەدەست نەدا، تاکۆتایی دەسەڵاتییان وەک پایتەختی هاوینە مایەوە، دیارە هگمتانە بە درێژایی مێژوو ناوەندێکی گرنگی سیاسی بووە، هەروەکو لەسەردەمی (پارتییەکانیش، 247 پ._ 224ز)' یەکێ لە پایتەختە گرنگەکانی ئەوانیش بووە(پیرنیا، 2013: 277).

هەروەها پاش ئەوەی کۆرش لە ساڵی 539 پ.ز دەوڵەتی بابلی نوێی[xv] داگیرکرد و بابل بوو بە یەکێ لە پایتەختەکان(فرەوشی، 1304 :53)، گومان لەوە دانییە پێگەی مێژوویی و شارستانێتی بابل پاڵنەری سەرەکی بووە، کە ببێتە یەکێ لە ناوەندەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی(باقر، 1956: 421)، کە پێشتریش لەساڵی 545 پ.ز، کۆرش لیدیای داگیرکرد[xvi]، لە ئەنجامدا بوون بە خاوەنی دەوڵەتێکی فراوان، بۆیە کورش لە هەرێمی فارس مەڵبەندێکی شاهانەیی، یاخود پایتەختێکی تایبەت، وەکو هێمایەك بۆ سەردەمێکی نوێ بە ناوی(پاسارگادە، یان پازرگاد)ی دروستکرد، هەروەکو گیرشمەن کاتێ ئاماژە بە واتای ناوی شارەکە دەکات، لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکات، کە ڕەنگە ناوەکە بۆ وشەی (پارسەگەد، پارسەگا)بگەڕێتەوە کە بەواتای (ئوردوگای پارسەکان، یان پارسەگرد)دێت (2013: 195)، بە دووری 50 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری (پەرسیپۆلیس) پاشماوەکەی بە (مەشهد مورغاب) ناسراوە( الاحمد والهاشمي،1988: 100)، لە ئێستادا پاشماوەی کۆشك و گۆڕی کورشی تێدا ماوەتەوە(پاشکۆی: 3؛ 4) (رجبی، 1382: 166)، کە بە ناوەندی ئیداریی کۆرش دانراوە(گێرشێڤیچ، 2012: 1058)، تا ئەو کاتەی داریوش هەر لە هەرێمی فارس پایتەختێکی نوێ و تایبەت بە فارسەکان، بەناوی(ئیستەخر)دروستکرد، یۆنانییەکان پێیان وتووە (پەرسیپۆلیس، Persepolis) بەواتای شاری پارسەکان دێ، هەروەها بە ناوی تەخت جەمشیدیش ناسراوە، بە دووری 40 میل دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری شیراز(اربری، 1967: 14)، تا سەردەمی (خەشایەرشا، 485- 465 پ.ز) مەڵبەندی حوکمرانی بووە(مشکور، 1363: 11)، هەیە ئاماژە بەوە دەکە کە لەوانەیە شوێنەکەی بۆ دیاریکردنی ساڵنامە و فەلەکناسی بووبێت، جگە لەمە ئەم شارە شوێنی ئاهەنگێرانی نەورۆز[xvii] بووە، بە پایتەختی نەورۆز ناویهاتووە(کوهستان،

1386 : 129)، لەچەندین بەش پێکهاتووە، وەکو شاری سێ دەروازە، (tripylon gate Persepolis) (هۆڵی ئەنجومەن، Hall Council)و (کۆشکی ناوەند، Palace Centra)، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ مەڵبەندی فەرمانڕەوایی و شوێنی ئەنجامدانی بۆنەکانی هەخامەنشی بووە، هەمیشە لە سەرەتای ڕۆژی ساڵی نوێدا (نوروز) و ئاهەنگی مەزنی تێدا ئەنجامدەدرا، خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی دیکەوە لە نوێنەران و نێردەی پاشا لە چەند ناوچەی جیاجیاوە روویان لەو شارە دەکرد دیارییان پێشکەش بە شا دەکرد(رزمجو، 1394: 70)، تەخت جەمشید پایتەختی ڕاستەقینەی داریوش بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پایتەختەکانی تر وەکو شوێنی حەوانەوەی شاکان بووە، وەك لە هاویندا لە هەگمتانا (هەمەدان) دەمانەوە، بەهۆی لە باری ئاو وهەواکەی، لە زستانانیشدا لە شوش، چونکە ئەو ناوچەیە ئاو وهەواکەی گەرم بووە، لە بەهاریشدا لە تخت جەمشید دەمانەوە(گیرشمەن، 2013: 195)، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچوار پایتەختەکە لە چوار لاوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە( ممبینی ودیگران، 1401: 334)، کە کاریگەری لە پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی لێکەتەوە.

## تەوەری دووەم. کۆشکی ئەپادانای شوش و بەژداری نەتەوەکان

### 2:1. مێژوو و پێگەی شاری شوش

شوش، یان سوسە(Susa)، بارەگا و مەڵبەندی سەرەکی حکومەتەکانی ئیلام بووە (گیرشمەن، 2013: 195)[xviii]،(پاشکۆ، 5) وەکو یەکێک لە کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان هەژماردەکرێت، هەرچەندە ئیلامییەکان لە دەوروبەری (4200پ.ز) شاری شوشیان بونیادناوە، بەڵام بەڵگە شوێنەوارییەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە (7000پ.ز) ژیانی تێدا هەبووە، بە شێوەیەکی گشتی شوێنەکە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا، کە خاوەنی مێژوو و شارستانێتیی دیاری ناوچەکە بووە(هینتس،ب. س: 226)، لەبەر گرنگی و پێگەی مێژوویی و ئابووری و سیاسیەوە هەخامەنشیەکان کردوویانە بە پایتەختی وڵاتەکەیان پاش ئەوەی بوونە خاوەنی قەوارەکی دیاری ڕۆژهەڵات(باقر، 1956: 383)، بە پێیی نووسراوەکان داریوش پاش ئەوەی توانی کۆتایی بە شۆڕش و هەڵگەڕاوەکان بهێنیت، دەستیکردووە بە ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی، بە تایبەتی لە شوش، بۆیە شوش لەسەردەمی داریوشدا پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیووە، تا ڕادەی ناوی شوش لە پاڵ تەخت جەمشید، یان چەندین جار پێش تەخت جەمشید هاتووە(ایمان پور و دیگران، 1394: 11)، کەواتە گرینگی پێدان و بە بەرزڕاگرتنی شوش، بۆ مێژووی شکۆمەندی ئیلام دەگەڕێتەوە، کە هەخامەنشییەکان خۆیان بەمیراتگری ئیلام زانیوە، ئەمەش پێشکەوتنی شارستانێتی لێکەوتەوە[xix]، بەوەی پاسارگاد چۆڵ دەکات چونکە یادگاری بەرەبابێکی دیکەی هەخامەنشی بوو، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەم ڕەوتەدا تەنها پەرستگەکەی وەکو خاڵی هاوبەش تا کۆتای دەمینێ، کە ڕێو ڕەسمی تاج لەسەرنانی تێدا ئەنجامدەدرا(گیرشمەن، 2013: 246)، لەم سەردەمەدا گرنگی شاری شوش زیاتربوو، بەوەی بوو بە خاڵی پێگەیاندنی رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لە رووی جوگرافیی سیاسی دیار بەوەی چەندین ڕێگای بە یەکەوە دەبەستەوە ناسراو بوو بە ڕیگای شاه( راه شاهی، الطریق الملکی)، کە لە شوش دەستی پێدەکرد، تاوەکو ساردیس پایتەختی لیدیا، هەر ئەم ڕیگایە بابلی بە میسر دەگەیاند(پیرنیا:2013: 179). ئەمە زیارتر پێگەی شوشی دەرخست بۆ بەستنەوەی دەوڵەتی هەخامەنشی بە ساترابەکانی ڕۆژئاوا وەکو لیدیا و میسر، کە کاریگەری هەبووە لەخێرایی گواستنەوەو گەیاندن، بەمە توانراوە بە ئاسانی کۆنترۆڵی گشت ئیمپراتۆریەتەکە بکەن، هەروەکو مێژوونووسان ئاماژە بۆ ئەکە دەکەن، شایانی هەخامەنشی لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە توانیوانە بە ئاسانی هەموو هەرێمە جیاوازەکان بەیەکەوە ببەستنەوە ودواتریش بە ناوەندی دەسەڵات(ممبینی ودیگران، 1401: 1401).

### 2:2. کۆشکی ئەپادانا(آپدانە، بارەگا)[xx]و ڕەنگدانەوەی هونەری نەتەوە جیاوازەکان

هەخامەنشیەکان پاش ئەوەی توانیان ببنە خاوەن ئیمپراتۆریەتیەکی بەرفراوان، دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەك لە جیهانی کۆندا گرتبوو، سنووری جوگرافیای سیاسی ئەو دەسەڵاتە ناوەند و ئەو شوێنە گرنگانەی شارستانێتی جیهانیی کۆنی وەکو وڵاتی دوو ڕووبار و میسر و بەشێك لە یۆنان و تاوەکو هیندی دەگرتەخۆ( Burgan,2010:11)، کە سنووری دەوڵەتەکەیان دیاریدەکرد(پویا، 1394: 48)، هەروەکو ڕوونە ئەو دەوڵەتانە خاوەنی پیشکەوتووترین شارستانێتی بوونە، لە لایەکی تر دەوڵەتی هەخامەنشی ئازادییەکی تەواویان دابووە ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەی ژێردەستیان تا لەسەر هەمان سیستەمی پێشتر بمینێنەوە(بارتولد ،1308 :20)، هەر هەرێمێك ڕێ پێدراو بووە لە بەکارهێنانی زمان و یاسا و ئایین و کولتووری تایبەتی خۆیان (محمد، 1996 :211)، ئەمە لەوانەیە ئەستەم بووبێت دەست بۆ پیرۆزییەکانی ئەمان بەرن، چونکە هەخامەنشیەکان نامۆبوونە بە خاك و نەتەوەکان، بۆیە پێویستبووە لەسەر ئەو بەڕێوەبەری کە دەبووە حاکم لە ساتراپەکان خۆی لە هەموو شتێك داببڕێت و بەتەنها بڕوات بۆ دەڤەرەکە و خێزان و کەسی خۆی لەگەڵ خۆی نەبات، تاوەکو بتوانێ پەیوەندی پتەو دروست لە گەڵ خانەدانانی هەرێمەکان دروست بکات، بەمەبەستی پاراستنی بەرژوەندی سیاسی و ئابووری هەخامەنشی(جمالی ودیگران، 1392: 94)، وێرای ئەمەش توانیان سود لە داهێنانی هونەرو شارسازیی نەتەوە جیاوازەکان وەربگرن، هەروەکو گریشمەن ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کە هونەر و پاشماوەی نژیاروانی تەنها تایبەت نیە بە نەتەوەی ئێرانی، هەڵەیەکی گەورەیە کە هونەر ونژیاروانی هاخامەنشی تەنها تایبەت بکرێ بە نەتەوەی ئێرانی، بەڵکو هونەری هەخامەنشی بە دەستی نەتەوە جیاوازییەکان بونیادنراوە( 2013: 195)، تا ئەو ڕادەیەی کە کاریگەری و دەستی هونەرمەندی نەتەوە جیاوازەکانی ژێردەسەڵاتی هەخامەنشیەکان تێدا بەدی دەکرێ. بەوەی بریتی بووە لە تێکەڵەیەك کە ڕەنگدانەوەی نەتەوەکانی ژێر قەڵمڕەوی ئیمپراتۆرییەتەکە بووە، دەوترێ ئەوان لاسایی هونەری نەتەوەکانی تریان کردۆتەوە، بەڵام توێژەرێکی ئێرانی بەرگری لەمە دەکات بەوەی لاساییکردنەوەیەکی کۆرانە نەبووە، بەڵکو داهێنانیان کردووە، ئەویش بە وەرگرتنی هونەری گەلانی تر، بە گونجاندن و هەماهەنگیی و یەکانگیری و ڕەنگدانەوەی لە هونەری هەخامەنشییدا بەدی دەکرێ، هەروەها شانازی بەوە دەکات کە ئەم رەوتە داهێنان بووە، دەرخەری ئەوەیە کە توانیانە سەرکەوتووبن لە داهێنانی ژیارێکی تایبەت بەخۆیان بە بەژداریکردنی نەتەوە جیاوازەکان، لە ناوەڕۆك و

رووکەشدا(ولایتی، 1389: 88)، هەروەها گێرشێڤیچ ئاماژە بەوە دەکات، کاتێ رەوتی پێشکەوتنی هونەری نژیاروانی هەخامەنشیەکان دەخاتەروو، بەوەی توانیوانە مەزنایەتی خۆیان بخەنە بەرچاوان بە سود بینین لە کۆمەڵانی هۆز و کولتوورە فرە چەشنەکان و بەکارهێنانی وەستاکاران و نژیاروانان و پەیکەرتاشان بۆ بەدیهێنانی شێوازی هونەرێکی نوێ( 2012: 1048)، گیرشمەن ئەمە زیاتر دووپاتدەکاتەوە بەوەی هەخامەنشیەکان لەسەرتادا ڕەسەنایەتی و تازەگەریی و رووحی داهێنەری خۆیان نیشانداوە و توانیومیانە بیروبۆچوونی دەرەکی وەربگرن و بە وزەی بلیمەتی سروشتی خۆیان دەستاوی بدەنەوە و ڕێك وپێکی بکەن( 2013: 174)، بەتایبەتی هونەری بیناسازی میدیی کە کاریگەری زیاتریان لەسەر هونەری هەخامەنشی هەبووە، ئەمەش بە روونی لەسەر بنەماکانی تەلاسازی بەدەردەکەوێ، وەك بەکارهێنانی خشتی سورەکراوە و دروستکردنی قەڵا و پەرستگا و کۆشکەکان لە شوێنی بەرز، هەروەها بەکارهێنانی ستون(کۆڵەکە) لە تەلارسازیدا، ئەمە تایبەتمەندی هونەری تەلارسازی میدییەکان بووە، لەم بارەیەوە توێژەرێکی فارسی ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کە هەبوونی ستون بنەمای پێکهاتەی تەلاسازی میدییەکان بووە، لە دوای ئەوان هەخامەنشیەکان لاساییان کردۆتەوە( ولایتی، 1389: 88)، لە ئەنجامی کنە وپشکنین پاشماوەی میدیەکان، هەبوونی ستون لە شوێنەوارییەکانی گردی نوشیجان، گودین تەپە، گردی باباجان[xxi] دۆزراوەتەوە، دیارە میدییەکان لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەلارسازی، گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن ستون بۆ کۆشەکانیان دابنێن، لەسەر هەمان بنەما کۆشکی ئەپادانا یەکێك بووە لەو چەندین کۆشکەی کە سوندار بووە لە، کە تایبەت بووە بە داریوشی یەکەم (پاشکۆ، 6).

ئەپادانا بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش بونیادنرابوو، بەوەی دیدارکەران(مێوانەکانی شاە) بەچەندین ڕێرەو قۆناغ دەڕۆیشتن بۆ پێشوازی تا دەگەیشتنە کۆشکی شاە، سەرەتا بە پلیکانەکان دواتربەرەو (دەروازەی گەلان)، تا دەگەیشتنە لای شا، وێنەی ڕێورەسمی پێشکەشکردنی دیاری و سەردانیکردنی شا لەدوو پەراوێز(حاشیە)لە کۆشکی ئەپادانا دۆزراوەتەوە، لە لایەك بەرزی ئاستی هونەری هەخامەنشی نیشاندەدات، لە لایەکی تر وێنەی نەتەوە جیاوازەکان بەرجەستەکراوە، کە بەژداربوونە لە خزمەتکردنی دەوڵەت، لە لایەکی ڕاستی پلکانەکانەوە سەربازانی پارسی و میدی بە جلوبەرگی فەرمییەوە و لەدواتر نێزەدارانی خوزی و سەربازانی گاردی چاویدان( نەمران)[xxii] (پاشکۆ، 7)، کە بۆ بەژداریکردن لە ئاهەنگی جەژن و پیرۆزبایی چونەتە بەردەمی شا، لە لای چەپیش لە سێ ڕیزدا نوێنەری بیست و سێ وڵات و هەرێمەکان، بە ڕێنمایی سەربازێکی میدی باج و دیاریان بۆ شا هێناوە، لە ناوەندی پەراوێزەکەدا هێمای ئەهۆرامەزدا کێشراوە، شا لە دۆخی سڵاوکردن دایە، لە هەردوو لاوە بە داری زەیتون و دەوەنی پاپیروس پڕکراوەتەوە، لە کۆتایی پەراوێزەکەدا وێنەی شێرێك هەیە بازی داوەتە سەر پشتی گایەك و قەپاڵی لێگرتووە، لە بەشی سەرەکی پەراوێزەکەدا ژمارەیەك سەربازی جاویدان، خزمەتگوزار و نەجیبزادەکان کە بۆ ئاهەنگی جەژنی نەورۆز هاتوون، لە وێنەی حاشیەکەدا بەرچاودەکەون(سەرفراز و فەیرۆزمەندی، 2009: 280-282).

بانی کۆشکی ئەپادانا لەسەر سی وشەش ستون ڕاگیرابوو، کە شەش ڕیزبوون، لەهەر چوارگۆشەی ئەپاداناادا چەند بورج و ژوور هەبوونە و ڕێرەوی دوو نهۆمیان بۆ کرابووە، سێ هەیوانی ستونداری تێدا بووە، لە گۆشەکانی باکوور و خۆرهەڵاتیەوە دوو ژووری بچووکی چوارگۆشە دروستکرابوون هەریەکێکیان درێژییەکەی بیست و یەك مەتر و بنکەکانیان شێوەی چوارگۆشەیی بووە(سەرفرازو فەیروزمەندی، 2009: 278)، سەرە ستوونەکان لە سەرشێوەی سەری گا، یان شێری شاخدار داتاشراو بوونە .

**2:3. ڕۆڵی ساترابەکانی ڕۆژئاوا لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازیدا**

هەروەکو روونە لە رووی ئیداری بەڕێوەبردنەوە هەخامەنشیەکان وڵاتەکەیان بۆ چەند یەکەیەکی ئیداریەکی ئیداری دابەشکردبوو، پێیان دەوترا، ساتراپ، وشەیەکی یۆنانیە واتای هەرێم دەگەیەنێ، بە فارسی ناوەڕاست بە( خشثرپاوان، xšaθrapāwn) هاتووە( پیرنیا، 2013: 178)، ئەم وشەیە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (xšaθra)کە بە هەمان شێوە و واتا لە ئاڤێستادا هاتووە، لە زمانی سانسکرتی بە (kşatra) هاتووە(جمالی ودیگران، 1392: 93)، کە بە فارسی نوێ بە شێوەی( شهرب، شهربان) ، کەبە واتای پارێزەرانی شار، یان فەرماندار، یان والی هەرێم دێتن، کە ڕیشەی وشەکە بە واتای حوکمڕانی، یان فەرمانڕەوایی دێت(دورانت، 2011: 579)، ئەم شێوازەی ئیدارییە بۆ سەردەمی میدییەکان دەگەڕێتەوە(باستانی راد، 1389: 3)، هەندێ لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن، وشەکە لە بنەڕتدا وشەیەکی میدی بێت (جمالی ودیگران، 1392 :94)، نەك وشەکە بەڵکو سیستەمەکەش لە بنەڕەتدا میدیی بووە، هەروەها مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە فارسەکان دەسەڵاتی میدییان لەناوبرد، بەڵام زۆر لەوان فێربوون، یەکێ لەوانە ڕێکخستنە ئیدارییەکان بووە(باقرواخرون، 1979: 57)، بەڵام جیاوازی سەردەمی هەخامەنشیەکان لەگەڵ میدییەکان ئەوە بووە، کە هەرێمەکان لە ماوەی حوکمڕانی میدییەکان تەواو سەربەخۆبوونە، کەچی لەسەردەمی هەخامەنشیەکاندا بە تۆڕێکی بەهێزی هەژموونیی بە ناوەند بەسترابوونەوە، داریوشی یەکەم بە تایبەتمەندی نەرمی و یەکگرتوویی ئیدارەی دەوڵەتەکەی کرد، بەوەی سەرکەوتووبوو لە بەیەکبەستنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆن و سیستەمی سێنترالْ و بەستنەوەی گشت ساتراپەکان بە مەڵبەند( پایتەخت) واتا سیستەمی ناوەندگەرایی، بەوەی هەرێمەکان ئازادی تەواویان هەبووە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لەسەریان سەپێندراوە کە ساڵانە باج و سەرانە، یاخود ئەو بڕەی بۆیاندیاریکرابوو پێشکەش بە دەوڵەت بکەن( باقر واخرون، 1979: 56-57)، لە رووی ژمارەی ساترابەکان بە پێی نووسراوە و سەرچاوەکان جیاوازی هەیە، بەوەی هەندێ لە مێژوونوسان ئاماژە بە 26 ساتراپ دەکەن( باقر واخرون، 1979: 58)، لە تەختی جەمشیدا ئاماژە بە 25 ساتراپ کراوە، دەوترێ لەسەردەمی داریوشی ژمارەی ساتراپەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لە نێوان 30 تاوەکو 31 (باستانی راد، 1389: 4)، لە بەردەنوسەکانی داریوش لە(بێستون و تەخت جمشد و نەقشی ڕۆستەم و شوش)ژمارەی ساتراپەکانی لە نێوان 23 تا 31 بووە(جمالی ودیگران، 1392: 95)، لەوە دەچێ لەم ماوەیەدا، واتا لەسەردەمی داریوشدا سنووری سیاسی دەوڵەتی هەخامەنشی بەرفراوان بوو، دەوترێ گەورەترین ئیمپراتۆریەت بووە، کە لە ڕۆژهەڵات تاوەکو جیحۆن و سند، لە ڕۆژئاواو کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی رووباری ئیجە و دەریای

ناوەڕاست و ڕووباری نیل بوو، لە باکوور دەریای خوارزم( ئارال)، لە باشوور تاوەکو پەراوێزی کەنارەکانی کەنداوی عەرەب بووە(فخری، 1963: 220)، ئەم سەرزەمینە بەرفراوانە بە دابەشکردنی بۆ چەندین یەکەی ئیداری ڕێکخرابوو، دیارە لەسەردەمی کۆرشی دووەم و کەمبۆجیە بەڕێوەبردنی ساتراپەکان لەلایەن خانەدان و دەسەڵاتدارانی خۆجێی ناوچەکان بەڕێوەدەبردران، حاکمی هەرێمەکان خانەدانانی هەرێمەکان بوون، بەڵام دواتر ئەم سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەرداهات، بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی هەڵگەڕاوە و ڕاپەڕینەکان، لەوە دڵنیابوو، کە لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە ناتواندرێ پشت بەوان، واتا خەڵکی ڕەسەنی هەرێمەکان، ببەستێت و دڵسۆزییان مسۆگەر بکات، تەنها بە ڕەگەزی فارسی نەبێت، بۆیە داریوش ڕەگەزی فارسی کردە بەرپرس لە ساترابەکان (کفانی،1970: 131) ئەوی بۆ ئەو پۆستە دیاردەکرا، کە بەڕەگەز فارسیی بووە، کاتێ ڕەوانەی هەرێمەکان دەکرا، پێویستبوو لە سەرەتادا پەیوەندی خۆی لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکان پتەو بکات، تاوەکو بتوانێ بە باشی ئەرکەکانی جێبەجێ بکارت، لە ڕێگەی پەیوەندی خزمایەتی و هاوسەرگیری، هەرکاتێ هەرێمەکان دووچاری هەڵگەڕانەوە هاتبێتن، ئەوا پەیوەندی نێوان خانەدانانی هەرێمەکە و بەرپرسە فارسییەکە تێکچووە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا دژایەتی دەوڵەت دەکرا ئەویش لە ڕێگەی نەناردنی باج و سەرانەو دەرکردنی بەرپرسە فارسیەکە(جمالی ودیگران، 1392: 95).

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم دابەشکردنە لەسەر ناوی نەتەوە و شوێنی نیشتەجێ بوونیان ناویانراوە، لە بەرامبەر شادا لەهەموو ڕوویەکەوە ماف و ئەرکیان هەبووە، بە پلەی یەك خزمەتی ئابووریی زۆریان پێشکەش بە دەسەڵاتی ناوەند، یان شا کردووە، چونکە سیاسەتی سەرەکی ئابووری دەوڵەتی هەخامەنشی لەسەر بەرژەوەندی ئابووری گەلان دامەزرا بوو، کە سەقامگیری ئابووری، بەند بووە بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکانەوە، بۆیە لەسەر بەرپوبەرەکان پێوستبوو پارێزگاری لە ڕەوشی ناوخۆی ساتراپەکان بکەن، بە تایبەتی هەرێمەکانی ڕۆژئاوای دەوڵەت، کە خاوەنی پێشکەوتترین شارستانێتی بوون وەکو(میدیا، بابل، ئاشور، میسر، ئاسیای بچووك، شارە یۆنانییەکان)( باقر، 1956: 2، 416)، ئازادییەکی تەواویان پیدرابوو، بەوەی لەسەر هەمان سیستەمی پێشتر بمینێنەوە( بارتولد، 1308 :20)، لە بەکارهێنانی زمان و یاسا و ئایین و کولتووری تایبەتی خۆیان (محمد، 1996 :211)، لەبەرئەوەی بربڕەی ئابووری هەخامەنشیان لەسەر ساتراپەکانی ڕۆژئاوای ئێران بووە، چونکە خاوەنی سەرچاوەیەکی ئابووری زۆربوون( پیرنیا، 2013: 178)، بە پێچەوانەی ساتراپانشینەکانی ڕۆژ هەلات لە ڕووی ئابوورییەوە لاواز بوونە، بەوەی هەر لە قۆناغی کۆچەریدا دەژیان(جمالی و دیگران، 1392: 104)، داریوشی یەکەم توانیووەیەتی سود لە ئابووری ساترابەکانی ڕۆژئاوا وەربگرێت، چونکە خاوەنی ئابووری و سامانی سروشتی زۆربوون، کە بنەمای ئابووری هەخامەنشیان پێکدەهێنا، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەمە زیاتر لە بڕی ئەو باج و سەرانەیە دەردەکەوێت کە لەسەریان دانرابوو، بۆ نموونە بابل و ئاشور 1000وەزنە[xxiii] لە زیو و زێر بووە، لە میسر 700 وەزنە بووە(باقر، 1956، 419).

هەر لەسەر ئەو بنەمایە بۆ دروستکردنی کۆشکی ئەپادانا زیاتر سوود لە ساتراپەکانی ڕۆژئاوا وەرگیراوە، کە داریوش ئاماژە بە کەرستەکان و شوێنی هاوردەکردن و نەتەوەکان دەکات، وەکو هەر لە بەندەکانی 35- 54 دا هاتووە:

**(ئەو هونەرمەندانەی بەردەکانیان تاشیون و نەخشاندوویانن، خەڵکی ئیبۆنی و ساردی بوون، ئەو زێرینگەرانەی لێرە بە زێر کۆشکیان ڕازاندۆتەوە مادی و میسری بوون، وەستاکارانی گەوهەربەندی ڕازێنەری داران ساردی و میسری بوون، ئەوانەی خشتەیان بریوە بابلی بوو، ئەوانەی دیوارەکانیان ڕازاندۆتەوە مادی و میسری بوو).**

دیارە زیاتر لە دووجار ئاماژە بە شارەزایانی میدی دەکات، کەزێرینگەری لێهاتووبوونە، بەوەی ئەوان شارەزاییەکی تەواویان لە هونەری زێرینگەری هەبووە، لەسەر بنەمای ئەوەی هەرێمەکانی میدیا دەوڵەمەند بوونە بە هەبوونی کانزاکان(رضا، 2015: 272). بۆیە پسپۆری تەواویان لە کاری ڕازاندنەوەی بیناکان بەزێر هەبووە.

**2:4. دەقەکەی داریوش لە کۆشکی ئەپادانا**

وێڕای هەبوونی چەندین کۆشك، داریوش بە فەرمانیدا لە سەر پاشماوەی هەرەسی کۆشك و پەرستگاکانی ئیلامی، کە لە ساڵی 645 پ.ز بە هێرشی هەڵمەتی پاشای ئاشووری (ئاشوورپانیپاڵ، 668- 631پ. ز)وێرانکرابوو،[xxiv]لەسەر بەرزترین شوێنی، کۆشکێك سازبکری، وەکو تەلاری دیدار، یان کۆشکێکی مەزن بۆ پێشوازیکردن لە مەزنان و سەردانیکەرانی ئیمپراتۆر، کە نیشانەی شکۆمەندی وپەیامی بەهێزی دەسەڵات و گەورەیی بێت(رجبی، 1392: 46)، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەوەی ئەو کۆشکەی شکۆمەند کردووە، ئەوەیە کە لە دەروازەی کۆشکەکە نووسینێکی داریوش دۆزراوەتەوە، لە شێوەی تابلۆیەك لە سندوقێك لە بەرد دروستکراو بە قەبارەی 33 × 33 سانتیمەتر و ئەستوورییەکەی نزیکەی 1.5 ملیمەتر لە ژوورێکی تێکەڵ بە قەبارەی خشتی بیناکەدا، بە شێوەی چوارگۆشەیی بووە (رجبی، 1382: 329)، لە سەر تاتە قورێکی 42 بە 42 سانتیمەتر بووە، هەندێك بەشی نەماوە و بە زمانی فارسی کۆن و بە نووسینی مسماری نووسراوە لە 58 دێر پێکهاتووە، کە تابلۆیەکی بە نرخ و گرنگە تایبەت بە سەردەمی هەخامەنشی بە گشتی، سەردەمی داریوشی یەکەم بە تایبەتی، کە لە لایەن زانایانی شوێنەوارناسی فەرنسی(ژاك دو مورگان،Jacques de Morgan 1857-1924ز)[xxv] و (رولاند دو مکوئنم،Roland de Mecquenem1877- 1957ز)[xxvi] ساڵی 1911ز دۆزراوەتەوە، ئەم نووسینە وەکو فەرمانی شاهانەییە، کە داریوش تێیدا باسی چۆنیەتی سازدانی ئەو کۆشکەکە دەکات(گیرشمەن، 2013: 243)،[xxvii]، کە یەکێکە لە جوانترین دەقە ئەدەبیەکانی هەخامەنشی، سەرەتا بە پاڕانەوە ستایشی ئەهۆرامەزدا دەست پێ دەکات، کە داوای پاراستن وستایش لە ئەهۆرامەزدا دەکات، دواتر پێناسەی خۆی و بنەچە و بنەماڵەکەی دەخاتەڕوو، ئەمە لە گشت نووسینەکان داریوش بەدی دەکرێ، وەکو لە برگەی 1-5 هاتووە:

**(خودای مەزن ئەهورامەزدە، کە ئەم زەویە و ئەم ئاسمانەی ئافراندووە، ئەوەی مرۆڤی ئافراندووە، ئەوەی بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان بڕیارداوە، داریوشی شای دروستکردووە، شای**

**مەزن، من داریوشم شای مەزن، شای شاکان، شای وڵاتەکان، کوڕی هیستاپس، هەخامەنش ......)**

لە بەندەکانی 22- 27 ئاماژە بە شێوازی دروستکردنەکە دەکات، چۆنیەتی هەڵکەندنی بناغە وقوڵایی بنەغاکە و دواتر چۆنیەتی پڕکردنەوەی بە وردە بەرد و خیز، لەوە دەردەکەوێ دیارە بناغەی بۆ لێداوە تاوەکو قوڵایەکی دیاریکراو، ئەمەش بۆئەوەی پتەو و بەهێزبێت، ئەم تایبەتمەندییە لە هونەری میدییەکان بووە(سەرفراز وفەیرۆزمەندی، 2009: 63)،دواتر پڕکردنەوەی بە وردە بەرد، یان خیز، ئەمەش بۆ پتەبوونی بناغەکەی بووە، کە تێیدا هاتووە:

**(ئەو کۆشکەی لە شوش دروستمکردووە کەرستەو ڕازاینەرەوەی لە دوورانەوە هاتووە، ئێرە قووڵ هەڵکەندراوە تا گەیشتە بەردی سەر زەوی، زەویەکەی بە قووڵی هەڵکەندرا، بناغەکەی بە خیز و بەرد پڕکراوەتەوە هەندێک جار تا قووڵایی 40 گەز و هەندێک جار تا قووڵایی 20 گەز کۆشکەکەم لەسەر ئەم بەردانە دروست کرد).**

دواتر باسی کەرەستەکانی بیناسازی و شوێنی هاوردەکردنیان دەکات، وەکو زێڕ و زیو و لازۆرد و فەیرۆز و ئەبەنۆس و بەردی بەنرخ، کە لە دروستکردنی کۆشکەکە بەکارهاتووە، دواتر دێتە سەر باسکردنی نەژاد و نەتەوەکانی چوارچێوەی دەوڵەکەی، کە بە شێوەیەکی ورد ئاماژە بە کەرەستەکان و ئەو وڵات و دەڤەرانە دەکات کە پێداویستەکانی لێ هاوردەکردووە، کە بەشێك بوونە لە هەرێمەکان(ساترابەکانی) پێکهاتەی دەوڵەتی هەخامەنشی، کە لە نەخشی بێستون ئاماژەی پێ کردوون، لەوانیە ئەمەش وەکو ئەرك لەسەریان سەپێندراوە، کە ئەو کەرستەییەی کە دەڤەرەکەیان پێیەوە بەناوبانگ بووە بۆ دروستکردنی کۆشکەکەی بنێرن و وەکو لە بەندەکانی35-45 هاتووە:

**(ئەو زێڕانەی لێرە بەکارهاتوون لە سارد وبەلخەوە نیردراوون، بەردی گرانبەها ڕەنگ شین( لازورد[xxviii] lapis lazuli) و عەقیقی سوور (Carnelian Stone) لە سوغدەوە هێنراون، بەردی پیرۆز(,precious stone ) لە خازرمەوە هێنراون، مس و زیو لە میسر هێنراوون، داری سیدر لە کێوەکانی چیای لوبنانەوە هێنراون، خەڵکی ئاشوری تا بابلیان ڕاگواستوون، کارینەکان و ئیبۆنییەکان لە بابلەوە هێناویانن بۆ شوش، دار(یاکا) لە قەندەهار کەرمانەوە هێندراون، ئەو شفر فیلانەی(کۆشکیان پێ نەخشاندوون) لە حەبەشە و هیند و ئاراخۆزیا وە هێندراون، ئەو کۆڵەکانەی لێرە چەقیندراون، لە شارێکەوە ڕاگوێزراون بە ناوی ئاپیراتووش لە ئیلام).**

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

لە ئاکامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا، بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین، دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: دایوشی یەکەم یەکێك بووە لە شا ناوادارەکانی هەخامەنشی، ڕۆڵ و پێگەیەکی بەرزی هەبووە، شێوازی وەرگرتنی دەسەڵاتی جیاوازبووە، دەکرێ لێکدانەوەی شێوازی کودەتای بۆ بکرێ، لە هەمان کاتدا هەڵ رەخساوە بەوەی دەوڵەت دووچاری کۆمەڵێ هەڵگەرانەوە و ڕاپەڕین ببوو، بەڵام ئەو توانی بەسەر هەموویاندا زاڵ بێت، زۆر بە توندی سزایان بدات، دوتر چەندین چاکسازی گرنگی ئەنجامدا، بوو بە بنەمای دەوڵەتەکە تا کۆتایی.

دووەم: داریوشی یەکەم خاوەنی زۆرترین نووسین بووە، کە بەسەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی هەخامەنشی دادەنرێت، ڕێگایەك بووە بۆ دروستکردنی کاریگەری و خۆسەپاندن، هەروەها زانیاری زۆری لەسەر لایەنی مێژوو و شارستانێتی ئەو سەردەمەی تێدایە، یەکێ لەوانە نووسینەکەی کۆشکی ئەپادانای شوشە، کە یەکێ بووە لەو دەقە تایبەتانەی کە ئاماژە بە چۆنیەتی دروستکردن و کۆکردنەوەی هونەری جیهانی ئەوکات دەکات.

سێیەم: کۆشکی ئەپادانا هونەری گەلانی چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی پێوە دیارە، کە لە ڕەنگدانەوەی لە دوو لایەنەوە هەبووە، وەکو سود لە بنەماکانی هونەری بیناسازی نەتەوەکان وەربگرن، بەتایبەتی هونەری تەلارسازی میدیی و هونەری تایبەت بەخۆیان دابهێنن، لە لایەکی تر ئاستی فراوانی قەلمرەوی سنووری دەوڵەتەکە پیشان دەدات.

چوارەم: داریوشی یەکەم توانیوویەتی سود لە ئابووری ساترابەکانی ڕۆژئاوا وەربگرێت، چونکە خاوەنی ئابووری مەزن و سامانی سروشتی زۆربوون، کە بنەمای ئابووری هەخامەنشی پێکدەهێنا، کە کەرەستەکانی بیناسازی لە دەڤەرە دەوڵەمەندەکان دابین دەکرا، ئەمە زیاتر لە دەقەکانی کۆشکی ئەپادانا دەردەکەوێ، کاتێ ئاماژە بە کەرەستەکان و شوێنی هاوردەکردنیان دەکات.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

دورانت، ویل(2011) مێژووی شارستانیەت، وەرگێرانی: عەبدوڵڵای رسولی، سلێمانی، چوارچرا.

عبدالواحد ، کەلسومە جمیل ( 2012) سەردەمانێك لە مێژووی دێرینی کورد، هەولێر، نوسنگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

عبدالواحد، کلسومە جمیل( 2016) هۆکارەکانی داتەپینی ڕەوشی ئابوری لەسەردەمی بابلی نوێ لە ماوەی حوکمرانی( نەبۆنائید) 556- 539 پ.ز، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 9، بەشی 1.

عبدالواحد، کلسومە جمیل( 2024) ڕۆڵی شاژنە (شیشندوخت Šīšīnduxt ) لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی و جووەکان، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە، 28، بەشی، 5.

عبدالقادر، عطم مصطفی(2024) ڕاپەرینێن ملەتێن ژێر دەسەلاتداریا ئیمپراتوریا هەخامەنشی( 550- 331 پ.ز)، نامەیا دکتورا، زاخۆ، کۆلێژا زانستێن مرۆڤایەتی.

علی ئێف، ئیقرار(2016) پاشایانی ماد، وەرگێرانی: ئیسماعیل پوور، سلێمانی، ناوەندی توێژینەوە مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی.

هیرۆدۆت (2010)پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت، وەرگێرانی: زانەر محەمەد، سلێمانی، چوارچرا.

**بە زمانی عەرەبی**

- الاحمد، سامي سعيد واحمد،جمال رشيد (1988). تاريخ الشرق الادنى القديم. بغداد، وزراه التعليم العالى والبحث العلمى.

احمد، شاكر رضا (2015) التاريخ السياسى والحضارى للملكة الميديه( 700- 550 ق.م)، مصر، جامعه الاسكندرية، رسالة الماجستر غير منشوره.

- اربرى، ارثر(1967،) شيراز مدينة الاولياء والشعراء ترجمه: سامى مكارم، لبنان، موسسه فرنكلين للطباع والنشر.

_ امين، محمود حسين (2018) رحلة نيبورالى العراق فى القرن الثامن العشر، بغداد، وزارة الثقافه والارشاد مديرية الثقافة العامة.

- باقر،طه(1956) مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمه، الجزء الثانى، بغداد، من مطبوعات دار المعلمين العالية.

باقر،طه ورشيد، فوزى و هاشم، رضا جواد( 1979) تاريخ ايران القديم، بغداد، مطبعه جامعه بغداد.

- پيرنيا، حسن (2013). تاريخ ايران القديم من بيدايه حتى نهايه العهد الساسانى، ترجمه: محمد نوالدين عبدالمنعم ومحمد السباعى.القاهرة،مركز القومي للترجمه. التضامن

- خضر، محمد احمد يوسف( 2016) مفهوم السلطة فى فلسفة ميشيل فوكو، مصر، جامعه طنطا، مجلة بحوث كليه الاداب، العدد، 106.

- ديورانت، ول وايرل( 1981) قصة الحضارة، الشرق الادنى، الجزء الثاني، ترجمة: محمد بدران، بيروت، دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع.

- رو، جورج( 1963) العراق القديم، ترجمه وتعليق: حسين علوان حسين، بغداد، دار الشون الثقافية العامة.

- السعدى، حسين محمد محى الدين ( 1995) تاريخ الشرق الادنى القديم، مصر، دار المعرفه الجامعية.

- عبدالواحد، فاضل و سليمان، عامر(1979)عادات و تقاليد الشعوب القديمة، بغداد، .

- عبودي، هنري .س (1991). معجم الحضارات السامية. لبنان، جروس برس.

- الاعظمى، على ظريف(1927) الدول الفارسيه فى العراق، بغداد، مطبعة الفرات.

- فخرى، احمد(1963) تاريخ الشرق القديم، مصر، كلية الاداب، جامعة القاهرة.

- كفانى، محمد عبدالسلام( 1970) فى ادب الفرس والحضارتهم، بيروت. دار النهضه العربية.

- لاسكى، چ، هارولد(2012) الدولة نظريا وعمليا، اعداد و تنفيذ: سعيد شحاته، مصر، وزراة الثقافة، الهيئة العامة لقصور الثقافة.

- محمد، جميلة عبدالكريم(1996). قورينائية والفرس الاخمينيون. بيروت، دار النهضة العربية.

**به زمانى فارسى**

_ احمدى زاويه و ايمان پور، سيد فرهاد( 1393) بررسى جايگاه واهميت مكان گزينى پاتخت در ايران دوره هخامنشان، همايش تمركز زيى دهى پايتخت، دانشگاه تربيت مدرس، زمان 4 و 5 اسفند.

_ ايمان پور، محمد تقى، نصراله زاده، سيروس، على، كيومرث(1394) شوش در دوران هخامنشى :بررسى جايگاه و اهميت شوش در دوره هخامنشى در مقايسه با تخت جمشيد، فصلنامه پژوهشهاي تاريخى (علمى- پژوهشى) دانشكده ادبيات و علوم انسانى - دانشگاه اصفهان، سال پنجاه و يكم، دوره جديد، سال هفتم شمارة دوم (پياپى 26).

_ ايمانپور، محمدتقى و على زاده، كيومرث (1393) شورش ايلامى ها على داريوش اول، پژوهش هاى علوم تاريخى، دوره 6، شماره 1 دوره 6، شماره 1 ، صفحه 1- 31 .

_ بارتولد، واسلى ولادميروويچ (1308) تذكره جغرافياى تاريخى ايران، ترجمه: حمزه سردادور، طهران، چاپخانه اتحاديه.

_ باستانى راد، حسن( 1389) واژه شناسى تاريخى استان در ايران، تـاريخ ايـران: شماره 5، دوره 66.

_ بريان، پى ير(1382) تاريخ امپراتورى هخامنشيان، جلد اول، ترجمه: مهدى سمسار، تهران، انتشارات زرياب.

_ بويس، مرى. (1375) هخامنشيان، همايون صنعتى زاده، تهران: توس.

_ پويا، حميد كاوانى( 1394) بررسى مفهوم قلمرو و اهميت مرز و مرزداري در دوران ماد و هخامنشى، جستارهاي تاريخى، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى سال ششم، شمارة دوم، پاييز.

_ جمالى، محمد كريم يوسف و ايمانپور، محمدتقى و شهابادى، على اكبر ( 1392 )نقش و جايگاه ساتراپى ها در شاهنشاهى هخامنشى، فصلنامة علمى- پژوهشى تاريخ اسلام و ايران، دانشگاه الزهرا ، سال 23، دوره جديد، شمارة 18.

_ خليق، صالح محمد( 1394)ساحەهاى باستانى و بناهاى تاريخى بلخ، تهران، انتشارات: انجمن نويسنده گان بلخ.

_ خزاعى، رضا و حسينى، سيدرضا( 1402) برساخت اجتماعى سركوب مخالفان در دوره داريوش اول خوانشى از نقش برجسته بيستون بر اساس نظريه پانوفسكى، جامعه شناسى فرهنگ و هنر، دوره پنجم، شماره دوم، تابستان ،1402 صفحات84 -96.

_ دانداما‌يف، محمد( 1386) ايران در دوران نخستين پادشاهان هخامنشى .ترجمه: روحى ارباب. تهران: انتشارات علمى و فرهنگى.

_ رزمجو، شاهرخ( 1394) معماى سنگ ميانى در كاخ مركزى تخت جمشيد، مطالعات باستانشناسى، دورة 7، شماره 2 .

_ رجبى، پرويز(1382) هزاره هاى گمشده، تهران، انتشارات توس.

_ رجبى، محمد باقر( 1392) كوروش و داريوش هخـــامنـــشـــى، تهران، موسسه انتشارات كتاب نشر.

_ شارپ، رلف نارمن( 1384) .فرمان‌هاى شاهنشاهان هخامنشى .تهران: پارينه.

_ شيپمن، كلاوس( 1386) مبانى تاريخ پارت، ترجمه: شاهرخ راعى، تهران، انتشارات كتاب سيامك.

_شهبازى، على شاپور(1354) پژوهشهاى هخامنشى، تهران، چاپخانه كيهان.

_عزيزى، اسدالله جودكى وحاجى، سيدرسول موسوى (1395) تأملى درمعنا وكاركرد واژة «آپادانا» در مجموعه هاى هخامنشى جمشيد وشوش) فصلنامه علمى معمارى وشهرسازى، دوره 26، شماره 3.

_ فرهوشى، بهرام( 1304) ايرانويچ، تهران، انتشارات دانشگاه تهران.

_كخ، هايد مارى( 1391) از زبان داريوش، ترجمه: پرويز رجبى، تهران.

_ كورت، أميلي. (1378) هاخمنشيان ، ترجمه: مرتضى ساقب فر، طهران: قاقنوس.

_ كوهستانى، امين رضا( 1386) حقوق اقتصادى، اجتماعى و فرهنگى بشر در دوران هخامنشى، پرتال جامع علوم انسانى.اطلاعات سياسى اقتصادى، شماره 242.

_ ولايتى، رحيم( 1389) تاثير هنر ملل امپراتورى هخامنشيان بۆرهنر و معمارى انها، باغ نظر، سال هفتم، شماره، چهارده.

_ مشكور،محمد جواد (1343). ايران در عهد باستان،در تاريخ اقوام و پادشاهان پيش او اسلام.تهران ،سازمان انتشارات اشرفى.

_ مقامى، سيد محسن قائم (1389) بررسى سياست دينى هخامنشيان بر اساس كتيبەها، ريخى، مجله دانشكده ادبيات و علوم انسانى، دانشگاه اصفهان، دوره، 2، شماره 2، صحفه، 92-81 .

_ مجيد زاده، يوسف( 1370) تاريخ وتمدن ايلام، تهران، مركز نشر دانشگاى.

_ مبينى، اسكندر و اعرابى هاشمى، شكوه السادات وكامرانى فر، احمد(1401) نقش و جايگاه شبكه هاى ارتباطى در استراتژى امپراتورى هخامنش، فصلنامه علمى پژوهشى تاريخ، سال هفدهم ، شماره شصت وچهار.

_هرتسفلد، ارنست(1354) تاريخ باستانى ايران بر بنياد باستانشناسى، تهران: انجمن آثار ملى.

_هينتس، والتر(ب.س) دنياى گمشيده عيلام،ترجمو: فيروز فيروزنيا،تهران، شركت انتشارات علمى فرهنگى.

بەزمانى ئينگليزى

_Burgan, Michael(2010) Empires of Ancient Persia,Chelsea Huse, New York.

_Bauer, Susan Wise(2007) The History of the Ancient World ,w.w.Norton Company.

- Howe,Timothr &muller, Sabin & Stonemam( 2017)Ancient Historiograoh on War and Empiye, United Kingdom, Oxbow books.

Ibtisam, Ali Hawass Alowaid(2023) Digging the Suez Canal during the reign of Dara I and its role in expanding trade relations in the Achaemenid era, International Journal of Aquatic Science , Vol 14, Issue 01.

_ M.A,Sukumar Sen (1941) Old Inscrptions of the Achaemenian Emperors, India, Univresity of Calcutta.

_Rawlinson, Major Henry Creswicke( 1846) The Persian Cuneiform Inscription at Behistun,London, West Strand.

_ SHARP ,RALPH NORMAN (2018).The Inscriptions I Old Persian Cuneiform of the Achaemenian Emperors.Mazda Publishers.

-Wright, Aren Wilson( 2015) From Persepolis to Jerusalem: A Reevaluation of Old Persian-Hebrew Contact in the Achaemenid Perio, Vetus Testamentum , Vetus Testamentum.

سایتە ئەلیکترۆنیەکان

https://iranicaonline.org/articles/de-morgan

https://www.iranicaonline.org/articles/mecquenem-roland-de

https: \\ archaeologist,ir

**پەراوێز**

1. ساتراپ، لە داهاتوو دەبێتە بابەتی باسکردن.

2. بۆ نموونە دەکرێ لە مێژووی عێراقی کۆندا ئاماژە بە سەرجۆنی ئەکەدی(2371-2316 پ.ز) بکرێ، کە بە کودەتا دەسەڵاتی لە شاری کیش وەرگرتووە، بۆ چەسپاندی دەسەڵاتی و پەسنکردنی لەکۆمەڵگا مێژوویەکی بۆخۆی دروستکردووە، بەوەی خۆی لە بنەماڵەی دەسەڵاتدرای نەبووە و بنەچە و ماڵباتی دیارنەبووە (Bauer,2007: 97).

3. مەبەستمان لێرە لە سیستەمی حوکمڕانی کۆنە کە بریتی بووە لە سیستەمی پشتاوپشت، دیارە ئەو سیستەمە فۆرمی حوکمرانی دیکتاتۆرییە، بەوەی ڕێگە نادرێت کەسانی لێهاتوو جگە لە بنەماڵەی دەسەڵاتدار جڵەوی حوکمڕانی بگرنەدەست.

4. هەخامەنشیەکان (550- 331 پ.ز)، ناوەکەی بۆ سەرکردەکەیان ئەخمینس ،یان هاخەمەنش دەگەڕێتەوە، بە شێوەی(هەخا) واتای دۆست دێ و(مەنش) بە مانای خود (نفس)و ناخ (باطن)دێت(شهبازی، 1354.:2)، لە نزیکەی ساڵی (700پ.ز) توانیان خۆیان ڕێکبخەن، سەرەتا لە ڕووی سیاسییەوە لە ژێر دەسەڵاتی میدیەکان بوونە تا سەردەمی کۆرشی دووەم نزیکەی ساڵی (550 پ.ز) کە توانیان میدیەکانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هەخامنشیەکان زۆربەی جیهانی کۆنیان داگیر کرد وەك لەڕۆژهەڵات لە دۆڵێ سند، ڕۆژئاوا تا لیبیا و لیدیا (ئەنادۆل) سوریا عێراق و میسر (عبودی، 1991 :52 ؛ پیرنیا، 2013 :151-170)، هەروەها دەوڵەتی هەخامەنشی لە فرە نەتەوە و زمان پێکهاتبوو(2015:143، - Wright: 143) .

5. خەشایارشا کوری گەورەی دارای یەکەم و شاژن(ئاتوسا) بووە، لە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە، پلانی باوکی لە داگیرکردنی ئەسینا خستەبواری جێبەجێکردنەوە، ناوەکەشە بەواتای فەرمارەوای پاڵەوان دێت، بەوەی خشای بە واتای (فەرمانڕەوا)دێ، خشای لە زمانی عەرەبی بووە بە (خسرۆ) آرشا بەواتای کەسی قارەمان دێت(هرتسلفد، 1354: 79).

6. هەرێمی (پارت، یان پارثوا)، کە لەسەردەمی هەخامەنشیەکان ساترابێکی فراوان بووە، کە (خۆراسان و هیرکانیا، یان گورگان)ی دەگرتەخۆ دەسەڵاتداری هەرێمەکە هۆزی ( Parni_پارنی) بوونە، کە ئەوانیش بەشێکن لە هۆزانی (داه_ی Dahae) کە بنەچەیان دەچێتەوە سەر نەتەوەی (ئەسکیتیەکان_ Scythians (شیپمن، 1386 : 36-39).

7. میدییەکان نەتەوەیەکی ئاری نەژادن' لە نزیکەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەرکەوتوون، کە لە چەند هۆز و تیرەك پێکهاتبوون، بە شێوەی هۆزایەتی ناو دەشتاییەکانی ئێراندا بڵاوببوونەوە، لەم بارەیەوە هیرۆدۆت ئاماژە بە ناوی شەش هۆز دەکات، کە دەوڵەتی میدییەکانی لێ پێکهاتووە ئەوانیش: (ئەسرتروخاتییەکان- ناریزانییەکان- موغەگان - بوودییەکان– بوسییەکان– پارتاکنییەکان) (علی ئێف، 2016: 636)، بەڵام بەدەستی کۆرشی دووەم لەناوچوونە لە نزیکەی 550 پ.ز، گێئوماتا لە میدییەکان بووە، بەڵام لەڕاستیدا تا ئێستا ناروونە ئایا ئەم کەسایەتیە پیاوێکی ئایینی سەر هۆزی موگی میدیی بووە، یان تەنها دروستکراوی داریوش بووە، بەوەی برای کەمبیز بووە، کاتێ چووە بۆ داگیرکردنی میسر، ئەمەی بە هەڵ زانیووە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات( عبدالقادر،2024).

8. ئەم دیمەنە لە وێنە هەڵکەندراوەکەی شا ئانوبانینی شای لولوبی[1] لە سەرپیل زەهاو دەچێ، کە بەکۆنترین وێنەی بەرجەستەکراو دانراوە، بە تایبەتی ڕەفتاری شا لەبەرامبەر کەسی شکستخواردوو، بۆیە وا مەزندە دەکری نەخشەکەی چیای بێستوون لاسایی نەخشەکەی ئانوبانینی کرابێتەوە، بە تایبەتی لە شێوەی بە دیلگیراوەکان و دانانی قاچ لەسەر کەسی شۆڕشگێرەکە(گیرشمەن، 2013: 71)، کە هێمای سەرکەوتن نیشان دەدات (پاشکۆی: 2)

9. نووسینی مێخی(مسماری) لە داهێنانی سومەرییەکانی دانشتیوانی وڵاتی دوو ڕووبار لە نزیکەی 3200 ساڵ پ. ز بووە، نووسینەکە بەسەرە قامیش دەنوسرا، لەسەر تاتە قوڕی تەر دەنووسرا، شێوەی دەرەوتنی وەکو سەری بسمار بووە بۆیە پێی وتراوە نووسینی مسماری*Cuneiform*، شیکردنەوە و زانینی ڕێنووسەکانی لە ڕێگەی نووسنەکەی داریوشی یەکەم لە چیای بێستون بووە، بەوەی بە سێ زمان( ئیلامی فارسی کۆن، بابلی) و بە نووسینی مێخی تۆمارکرابوو، بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی ( کارستن نەبیور) لە ساڵی 1761ز شیکردنەوەی بۆ کرا( امین، 2018 :6).

10. داریوشی یەکەم پاش ئەوەی دەستی بەسەر میسردا گرت، کەناڵی سوێسی هەڵکەند، کە دەریای سوری بە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە، هەرچەندە فیرعەونەکانی پێشتر هەوڵیان دابوو، بەڵام تەواونەکرابوو، ئەم کارەی کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندی میسر و دەوڵەتی هەخامەنشی بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، بۆ گواستنەوەی کەڵوپەلی بازرگانی، بۆ ئەم مەبەستە داریوش نووسێنێکی تایبەت بەم کارەی لە سوێس دۆزراوەتەوە، ناوی نووسراوی داریوش سویسDZc بۆ دانراوە**(135 :128 :2023 ,Alowaid).**

11. بۆنموونە ئاشوورییەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتدا جەنگەکانیان بە ویست و ئارەزووی خوداوەندەکان دەزانی، بەوە کە ئەوان بە ویستی خوداوەندەکانی( ئاشوور ئەدد، سین، شمش، عەشتار) جەنگەکانیان ئەنجامداوە، بێگومان ئەوەش زیاتر بۆ دروستکردنی کاریگەری بووە(عبدالواحدو عامر، 1979: 24).

12. لە بارەی ئایینی دەوڵەتی هەخامەنشیان جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، لە بەردەنووسەکانی شایانی هەخامەنشیی ئاماژە بەناوی زەردەشت نەکراوە، تەنها وێنەکێشانی ئاهۆرامەزدا و ناوهێنانی لەبەردەنووسەکاندا هاتووە، کە بیر بۆ ئەوە دەبەن، کە ئایینی زەردەشتی ئایینی ڕەسمی دەوڵەت نەبووبێت، دواتر دژایەتی کردنی گێیوماتای میدی بە ناوی موگ یان پیاوی ئایینی ناوی هاتوو، لە نەخشەکەی( ئەردەشێری دووەم، 358- 464 پ.ز) و (ئەردەشێر سێیەم، 338- 358 پ.ز) جگە لە ئەهۆرامەزدا ناوی میهر (Mmehrو ئاناهیتا(Anahita) هاتووە، وەکو کاتێ ئەردەشێری دووەم داوای یارمەتی تەنها لە ئەهۆرامەزدا ناکات، بەڵکو ئاماژە بەو سیانەیە دەکات (بویس،1375: 297-298) بەوەی زیاتر ناوی خوداوەندی ئەهۆرامەزدا لە نووسراوەکان و بەردەنووسینەکان دەهێنێ، ئەمە شیمانەی یەکتاپەرستی لێ دەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەهۆرامەزدایە، کە بە فەرمانی ئەو کارەکانی ئەنجامداوە(دیورانت،1981، 2: 426)

13. کۆرشی دووەم کوری قەمبیزی یەکەم و مەندانەی کچی ئەستیاکی دوا پاشای میدییەکانە، لە دژی دەوڵەتی ماد، یان میدی لە ساڵی550 پ.ز لە دژی دەوڵەتی ماد، شۆڕشی کرد و ئیمپراتۆریەتی مادی لەناوبرد، بۆیە بە

دامەزرێنەری دەوڵەتی هەخامەنشی دادەنرێت، بە ماوەیەكی كەم توانیان زۆربەی جیهانی كۆن داگیر بكەن ( عبدالواحد، 2024: 47).

14. ئەم شارە دێرینە كە لە سەردەمی مادەكاندا یەكەم پایتەخت بوو، یەكێكە لەو شارە كەمانەی جیهان كە تا ئێستاش ماونەتەوە، لە زمانی یۆنانیدا بە هیگماتانا هاتووە وبەڵام بە ئیكباتان دەخوێندرێتەوە، هێرۆدۆت ئاماژەی بەوە كردووە، كە ئێكباتان كاری دیاكۆیە. بەگوێرەی نووسینەكانی مێژوونووسی ناوبراو شاری هێگماتان حەوت دیواری هەبووە، هەر دیوارێك ڕەنگی جیاواز بووە، كۆشكێكی شاهانەی تێدا دروستكرد و دیوارەكانی بەرز و بەهێز و بازنەیی لە ناویەك دروستكرا ژمارەی بازنەكان حەوت بازنە بوو، سەری هەركام لە دیوارەكان لە دیواری دواتر بەرزتر بوو( 2010: 70-71).

15. بۆ زانیاری خوازایارانی مێژووی كۆن، مێژووی بابل بۆ سێ قۆناغ دابەشكراوە: بابلی كۆن، كە سەردەمی هاتنی ئامورییەكان و حەمورابی، كە نزیكەی 1830 -1894پ.ز دەگرێتەوە، سەردەمی بابلی ناوەڕاست(كاشییەكان)، یان دووەم نزیكەی( 1595- 1157 پ.ز، سەردەمی نوێ كە نزیكەی 612 - 539پ.ز، نابۆبلاسەر بە هاوپەیمانی میدییەكان ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییان لەناوبرد تاوەكو ساڵی 539پ.ز ، پاشای هەخامەنشی كۆرشی دووەم لەسەردەمی نابۆنائید دوا پاشای بابلی نوێی لەناو برد( عبدالواحد، 2016: 198).

16. لیدیا، بە بەشی ڕۆژئاوای ئەنادۆل وتراوە، سەرزەمێنێكی فراوانە، پایتەتەی ناوی سارد بووە، كۆرشی دووەم دەستی بەسەرداگرتووە و كردوویەتی بە بە شێك لە دەوڵەتی هەخامەنشی، دواتر ئەسكەندەر مەكدۆنی و دوای ئەوانیش سلووكیەكان، تا لە كۆتاییدا ڕۆمانیەكان دەستیان بەسەرداگرتووە( الاعظمي, 1927: 9)

17. لەسەردەمی هەخامەنشی سەرەتایی ساڵی نوێ لە 21 مارس نەبووە بەڵكو لە 12 مارس دەستی پێكردووە تاوەكو 29 نیسان (رزمجو، 1394: 75).

18. سنووری ئیلام لەبەشی ڕۆژئاوایی ڕووباری دیجلە و لەبەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی فارس و لە بەشی باكووری بابل لە باشووریش كەنداوی فارس تا بوشهر بووە، ئیلام لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە گەڵ سومەرییەكان وحكومەتەكانی تر لە وڵاتی دوو ڕووبار هاومێژووبووە، هەڵكەوتەی جوگرافیەكەی لە باكووری (ئەهوازە، Ahvz)بە 130 كیلۆمەتر، بە 35 كیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری(اندیمشكAndimeshk)، نزیكەی 40 كیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری (دیزەفول، Dezful )ە، ئەم شارە كۆنترین شاری ئیلامە، دەكەوێتە دەشتی سوسیانە و پایتەختی سەرەكی وڵاتی عیلام بوو، پاشماوەكەی بە (شوش) ناسراوە(هینتس، ب. س: 22).

19. ئیلامیەكان لە هونەری بیناسازی دەست ڕەنگین بوونە، خاوەنی چەندین كۆشك و پەرستگاو زەقرەوەی بەناوبانگ بوونە، لەوانەش زەقورەی (جوخەت زنبیل) لە خوزستان، لەلایەن پاشا (ئونتاش-ناپیریشا) ی پاشای (بنەماڵەی ئیگی خالكی) بونیاتنراوە، كە تایبەت بووە بە پەرستنی خواوەندەكانی (خومبان و ئینشوشیناك)، لەسەر ڕووبەری (105م)ی چوارلا و لەسەر شێوەی پلیكانەیی بە بەرزی نزیكەی (43م) بونیاتنراوە، ڕێڕەوی بۆ تێپەڕبوونی ئاوی باران تێدا دروستكردووە (احمد والهاشمی، 1980: 66- 76).

20. توێژینەوەك تایبەت لەسەر ناوی ئەپادانا بە زمانی فارسی بە ناونیشانی( تأملی درمعنا وكاركرد واژة «آپادانا» در مجموعه های هخامنشی جمشید وشوش) لە لایەن توێژەران ( عزیزی وحاجی)ئەنجامدراوە، كە تێیدا ئاماژە بە بۆچوونی جیاوازدەكەن سەبارەت بەناوی ئەپادانا، لە بارەی ناوی( اپادانا) بە تەلاری ستوندار وتراوە، ئەوانە ئەوە یە نادروست دەزانن، بەڵكو ناوەكە بەچوارگۆشەیەكی نۆبەشی دابڕاو، وتراوەو ناوەكە لەكۆندا بە آپادانا هاتووە، بە زمانی فارسی ناوەڕاست بە شێوەی (آپاتان) و بە فارسی نوێ (آبادان ) بووە(1395: 112)، یاخود بە كۆشكێك وتراوە ستوونی هەبێت( كاخ ستون دار)، بۆیە(رجبی، 1382: 328) .

21. ئەم گردانە لە پاشماوەی شوێنەواری میدییەكانن، گوردین تەپە دەكەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی كەنگاوەر نزیك كرمانشان، گردی نوشیجان بە دووری 60 كیلۆمەتر دەكەوێتە باشووری هەمەدان و بە 20 كیلۆمەتر ڕۆژئاوای قەزای مەلایریی، كە گشتیان دەكەونە شوێنی نیشتەجێی میدییەكان، كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ كوردنشینن، چەندین پاشماوە و پاشماوەی كۆشك و هونەری تەلارسازی تێدا دۆزراوەتەوە( سەرفراز و فەیروزمەندی، 2009: 76- 90).

22. گاردی چاوفیدان، (**گارد جاویدان**) ، (Standing Army )، هیرۆدۆت بە ناوی( **جاڤدانانی ئێرانی** ) ناویانی بردووە، كە بە لەشكری دەستەبژێری دە هەزار كەسی ناسراوون، كە گاردێكی بەهێزی سوپای هەخامەنشی بوونە، ناوەكەیان بە واتای (سوپای نەمران) هاتووە، لەبەر ئەوەی هەركاتێك یەكێك لەسەربازەكان بریندارببووایە، یان بمردبا، ئەوا ڕاستەخۆ یەكێكی تر جێگای دەگرتەوە، لە سەردەمی داریوشی یەكەم بە دەركەوتن، زیاتر لە سوپای پیادە پێكهاتبوون، ئەركیان پارێزگاركردن بووە لە شا خانەوادەكەی، لە كاتی جەنگدا بەژداریان دەكرد و بەڵام ئەركی سەرەكیان پاراستنی شا و بووە(پیرنیا، 2013: 180).

23. وەزنە بە واتای نیو كیلۆگرام دێتن، یەكەیەكی پێوانەیی بووە،لە وشەی (Talent) وەرگیراوە، بلتوی بلبلی بووە كە دەكاتە 60 منا، منا 60 شیقلا( باقر، 1956، 419)

24. كەوتنی ئیلام بەهۆی ناكۆكی ناوخۆیی و خیانەتەوە بووە، حكومەتی ئاشوری لە سەردەمی پاشا ئاشوربانیپال لە ساڵی 645 پ.ز كۆتایی بە هەژموونی ئیلام هینا (پیرنیا، 2013: 119)، بەڵام كاریگەرییان نامینێت، بەڵكو وەك شانشین لە هەرێمەكانی خۆیان مابوون، تاوەكو سەردەمی كۆرشی دووەم توانی هەموو ئیلام بخاتە ژێر ڕكیفی خۆی.

25. شوێنەوارناس و مێژوونووسێكی فەرەنسی بووە، بۆ ماوەی پازدە ساڵ سەرۆكی نێردەیەكی شوێنەواری فەرەنسی بووە لە ئێران لە شوش كاریكردووە، چەندین شوێنەواری گرنگی ئێرانیی دۆزیەوەتەوە، دەوتری ئەو بە دوای دۆزینەوەی كانەكانی نەوت بووە لە ڕۆژئاوای ئێران، چەندین توێژینەوەی لەسەر دراو و شارستانێتی ئێران لە ماوە جیاوازییەكاندا ئەنجامداوە، یەكێ لەبەرهەمە دیارەكەی (جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران)بووە https://iranicaonline.org/articles/de-morgan)

26. لە نێوان 1913 تا 1946بەڕێوەبەری كنە و پشكنینی شوێنەوارەكانی شوش بووە، لە ساڵی 1935 كۆمەڵگەی ئیلامی كۆنی لە چۆغا زەنبیل دۆزیەوە، زۆربەی كەلوپەلی دۆزراوەكان نێردران بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس. لەوێ پارێزراون. https://www.iranicaonline.org/articles/mecquenem-roland-de

27. گشت دەقەكان لە تابلۆكەی داریوش لە شوش لە پەرتوكی The Inscriptions I Old Persian Cuneiform of the Achaemenian Emperors. لە لایەن Ralph Norman Sharp كە شارەزای زمانی فارسی كۆن بووە، مامۆستا بووە لە زانكۆی شیراز، وەرگێڕانی بۆ كردووە، دواتر وەرگێڕدراوە سەر زمانی فارسی بە ناوناونیشانی( فرمانهای شاهینشاهی هخامنشیان)لە ساڵی 1346 ش.

**پاشکۆکان**





پاشکۆ: 1 (خزاعی وحسینی، 1401: 93)

پاشکۆ، 2( کخ، 1391: 8؛ گیرشمەن، 2013: 71




پاشکۆ: 3( گیرشمەن،2013: 572)

کۆشکی کۆرش،4 (کخ، 1391: 52)

پاشکۆ: 5( https: \\ archaeologist,ir)پاشکۆی:6( بریان، 1382: 383)



پاشکۆ7(گیرشمەن، 2013: 248)

## داريوش الأول (522-486 ق.م) وقوة السلطته في بيناء قصر أبادانا شوش

**ملخص:**

قصر ابادان( قصرالاجتماعات) بني بأمر من الملك داريوش هاخمنشي الأول في مدينة شوش عاصمة إيلام في سنة 521 ق.م، وللملك داريوش نقوش وكتابات كثيرة مقارنة بالملوك الآخرين، وذلك لأجل التأثير وفرض سيطرته علماً أنه جاء إلى السلطة عن طريق الانقلاب، وبناءُ هذا القصر له أهميته من جوانب عديدة، ومنها عرض قوة الملك وسطلته لا سيما بعدما تمكن من قهر المتمردين، ووسع من حدود مملكته التي تضم أقاليم وشعوب مختلفة وبالأخص أقاليم الغرب حيث كانت ذات ثروة وحضارة بارزة، وتظهر مشاركة الشعوب المختلفة في المملكة في فن الهخامنشي المعماري حيث كان لمحترفي وفناني نواحيها اليد العليا فيه بالاخص تاثير الفن المعمارى الميدى، ونحاول في هذا البحث تحليل آثار نقوش وكتابات الملك داريوش التي تم اكتشافها في قصر آبادانا، ومن هذا المنظور نُبرز تطور فن الهخامنشي وقوة سلطة داريوش الاول.

**الكلمات الدالة:** اداريوس الأول ، أبادانا ، قصر الاجتماعات ، سوسة ، ساتراب.

## DARIUS I (522–486 BCE) AND THE CONSOLIDATION OF HIS POWER THROUGH THE CONSTRUCTION OF THE APADANA PALACE IN SUSA

**ABSTRACT:**

The Apadana Palace (The Palace of Assemblies) was built by the order of Darius I of the Achaemenid Empire in 521 BC in the city of Susa, the capital of Elam. Unlike other kings, Darius left behind the greatest number of inscriptions and writings, a deliberate strategy to reinforce his authority—particularly since he came to power through a coup. The construction of this palace held considerable significance: it served to demonstrate the king's power and dominance, especially after he successfully suppressed revolts and expanded his empire to include a vast array of regions and diverse peoples. The architectural art of the Achaemenid period—especially as seen in the Apadana—reflects the participation of various peoples across the empire, with strong influences from Median architectural styles and craftsmanship. This study aims to analyze the inscriptions and reliefs of King Darius discovered in the Apadana Palace, thereby shedding light on the development of Achaemenid art and the consolidation of Darius I's power.

**KEYWORDS:** Darius I, Apadana, Palace of Assemplies, Susa, Satrap.